## د. هادی عەلی . بەرپرسی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان:

# حیزبێکی زیندوو بیەوێت چاکسازی بکات، دەبێت بوێرانە مامەڵە بکات و هەنگاو بۆ راستکردنەوەی خاڵە لاوازەکان بنێت..

**لە یادی شانزە ساڵەی ئیعلانکردنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستاندا، هەروەها لە سەروبەندی دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە دیمانەیەکدا بەڕێز (د. هادی عەلی ـ بەرپرسی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) دەربارەی بەشداری یەکگرتوو لە حکومەت و پەرلەمان و، پاشان ئۆپۆزسیۆنبووندا وەڵامی چەند پرسیارێکی ÷ دەداتەوە:**

**دیمانەی فەهمی حەمە تۆفیق**
**یەکگرتوو . هەولێر**



**÷: چۆن قۆناغبەندی دەکەن بۆ ئەزموونی بەشداریی یەکگرتوو لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئۆپۆزسیۆنبوون، لەم شانزە ساڵەی رابردوودا؟**

**د. هادی عەلی:** بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.. پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی پاش هەڵبژاردنی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بەداخەوە بە حاڵەتێکی ئاساییدا نەڕۆیشت، تا ئەو ئەزموونە دیموکراسییەی هەموولایەك ئاواتمان بۆ دەخواست بە رێچکەیەکی دروستدا بڕوات، ئەوەبوو هەر یەکەم هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بە بڕیار بوو بە پەنجا بەپەنجا، حکومەتی هەرێمیش کە ساڵی (١٩٩٢) پێکهێنرا هەر بەو شێوەیە پێکهێنرا، دوو ساڵیشی نەخایاند شەڕی ناوخۆ دروست بوو، دواتریش بوو بە دوو ئیدارەیی، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە یەکەم هەڵبژاردنی (٩٢)دا لەگەڵ برایانی بزوتنەوەی ئیسلامیدا بەناوی (لیستی ئیسلامی) بەشداری ئەو هەڵبژاردنەی کرد، بەڵام لەبەرئەوەی رێژەی چوونە ناو پەرلەمان (٧٪) بوو، لیستەکە (٥٪)ی هێنا، نەتوانرا تەیاری ئیسلامی کوردستان بچێتە پەرلەمانەوە، بۆیە کاتێکیش لە ساڵی (١٩٩٤)دا خۆمان راگەیاند، وەك حیزبێکی سیاسی لە پەرلەماندا بوونمان نەبوو، کەش‌وهەوای هەرێمیش گونجاو نەبوو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، تا رۆڵمان لە هەڵبژاردندا دەرکەوێت.

لە قۆناغێکی تردا بەشدارییەکی سادەمان کرد لە حکومەتی هەرێمی کوردستان - ئیدارەی هەولێردا، پاش ئەو رووداوانەی ساڵی (١٩٩٦) بەردەوام بووین لە کابینەی سێیەم و چوارەم و پێنجەمی حکومەتدا. کابینەی سێیەم و چوارەم - ئیدارەی هەولێر بە دەست پارتییەوە بوو، بەشداری ئێمە و حیزبەکانی تریش رەمزی بوو، لە کابینەی سێیەمدا وەزیری هەرێممان هەبوو، لە کابینەی چوارەمدا بوو بە وەزیری داد، کەمێك کاراتر بوو، بەڵام لایەنی دەسەڵاتدار هەر لایەنێك بوو، ئیدارەی سلێمانیش سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، بۆیە ئەو هەلومەرجانە ساز نەبوون بۆ هەڵبژاردن، حاڵەتەکە درێژەی کێشا تا رووخانی رژێم، بۆیە پرۆسەی دیموکراسی و سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا زەمینەی بۆ نەڕەخسا بچێتە چوارچێوەیەکی دروستەوە، پاش روخاندنی رژێم، کە یەکگرتنەوەی پەرلەمان و هەردوو ئیدارەکە هاتەکایەوە، ئیتر بارودۆخی هەرێم بە ئاراستەیەکدا چوو، بیر لەوە کرایەوە کە ئۆپۆزسیۆن لە گۆڕەپانی سیاسیدا پێویستە ببێت. لە ساڵی (٢٠٠٥ -)دا کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، لەگەڵ لایەنەکانی تردا هەر بە لیستێك بەشداریمانکرد، چونکە هێشتا دەستوری عێراقیش بڕیاری کۆتایی لەبارەوە نەدرابوو، وا بە باش زانرا لەم قۆناغەشدا پێکەوە بین و هەوڵی ئەوە بدەین پەرلەمانێکی نوێ دروست بێت و حکومەتیش لەسەر ئەو ئەساسە یەکبگرێتەوە، لەو روانگەوە بەشدار بووین بە نۆ کورسی، بەڵام لە مانگی (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) کاتێك راپرسی بۆ دەستور کرا، هەستمان کرد لەگەڵ ئەوەی دەستور گرنگ بوو بەنیسبەت گەلەکەمانەوە، کە بۆ یەکەم جار بوو ئاستێکی باش لە مافە نەتەوەییەکان لە دەستوردا بچەسپێت، بەڵام خەڵکی کوردستان بێ موبالات بوون لە چوون بۆ سەر سندوقەکان دەنگدان و بەشداری راپرسی دەستور بکەن، بۆیە هەڵوەستەمان کرد و ئەو قەناعەتەمان بۆ دروست بوو، کە حاڵەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا چەقبەستنێك رووی تێکردووە، بەم شێوەیە بڕوات هیچ مانایەك نامێنێت بۆ پرۆسەی سیاسی و مەترسی گەورەیە بۆ سەر ئەزمونی سیاسی و پرۆسە سیاسییەکە بەگشتی، لەبەر ئەوە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٥)دا، کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هاتەکایەوە، پێمان باش بوو بە لیستی جیا بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەین، بێگومان تێبینیشمان لەسەر ئەدای لیستی هاوپەیمانی لە بەغدا هەبوو، لە رووی تێکەڵکردنی بەرژەوەندییە حیزبییەکان بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و حیسابنەکردن بۆ هاوکار و بەشدارەکانیان، هەموو شتێك هەر بە ململانێ بوو، (فیفتی فیفتی)یەکە لەوێش هەر بەردەوام بوو، ئەمانەش هۆکار بوون، کەوا بە باش بزانین تا پەیامێك بدەین بە دوو لایەنەکەی دەسەڵات (پارتی و یەکێتی)، کە ئەگەر بەم شێوەیە درێژە بکێشێ، لەوانەیە لە رواڵەتدا بە شێوەیەکی کاتی هەندێ ئیمتیازاتیان بەردەوام بێت، بەڵام لە کۆی مەسەلەکەدا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقیش زیانی گەورە بە گەلەکەمان دەکەوێت، بۆیە بڕیارمان دا بە لیستی جیا بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەین، تا کێبڕکێ و گەرموگوڕییەك بگەڕێتەوە بۆ ململانێ سیاسییەکانی ناو هەرێمی کوردستان، چوون بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدانیش لەلاین هاووڵاتیانەوە بایەخێك پەیدا بکاتەوە، ئەوە بوو لیستی جیا بەلایانەوە کوفرێکی گەورە بوو و وەك کەبیرەیەکی سیاسی مامەڵەیان لەگەڵدا کرد، سەرەنجام رووداوە ناخۆشەکانی مانگی دوانزەی (٢٠٠٥) روویدا بەرامبەر یەکگرتوو، سەرەتا لەسەر ئاستی راگەیاندن، دواتریش پەلاماردان بۆ سەر بارەگاکان، بەتایبەت لە دەڤەری بادینان و لێکەوتنەوەی کارەساتی خوێناوی بەداخەوە، ئەوە بۆ یەکەم جار بوو کە یەکگرتوو دەستپێشخەریی کرد لەوەدا کە سەرەتای لیستی جیا و ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان دروست بێت، واتە گۆمەکەی شڵەقاند و حاڵەتە چەقبەستووەکە گەرموگوڕی و زیندوویێتی بۆ بگەڕێتەوە، لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی رابردوودا، پێش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، لەبەرئەوەی یەکگرتوو لە بەغدا لیستی جیای هەبوو، لە هەرێمیش لەگەڵ ئەوەی بەشدار بوو لە حکومەتدا، بەڵام جۆرێك لە ئۆپۆزسیۆنی هەبوو، بەتایبەت دوو ساڵ پێش هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەموز، یەکگرتوو لەگەڵ سێ حیزبەکەی تردا کە بە چوار حیزبەکە ناسرابوو، کارێکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەبوو، یەکەم جار یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکی هەرێم کرد، دوایی پڕۆژەیەکیان بۆ چاکسازی ئاراستەی حکومەتی هەرێم کرد، لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٩)شدا راپۆرتێك درا بە رای گشتی، کە ئەو چوار حیزبە رایانگەیاند کە هەوڵەکانیان لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا بۆ چاکسازی سیاسی بە بنبەست گەیشتووە و هیچ بەڵێنێك نەهاتۆتە دی، تا جەماوەر تێبگەن ئەم چوار حیزبە ئەوەندەی توانایان هەبێت و بەرپرسیارێتی رووی تێکردبن، هەوڵیان داوە، بەڵام دەسەڵات ئامادە نییە هیچ جۆرە نەرمییەك بنوێنێ و هیچ هەنگاوێك بێت لە بواری چاکسازی سیاسیدا، ئەوەش هەنگاوێکی تر بوو بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا، ئەگەرچی لە هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەموزدا ئەو ئەنجامەی بۆ لیستەکە چاوەڕێمان دەکرد، بەدەست نەهات، لەبەر هەندێ هۆکاری بابەتی و زاتی پەیوەست بە لیستەکەوە و هەندێ هۆکاری تری سەر گۆڕەپانەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەزمونێکی سەرکەوتووی کاری هاوبەش بوو لەنێوان چەند لایەنێکدا و کۆبوونەوە لەسەر خاڵە هاوبەشەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەلەکەمان، بەڵام ئەوەش نەگەیشتە ئامانجی تەواو.

**÷: بۆچی نەگەیشتە ئامانجی تەواو؟**

**د. هادی عەلی:** چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەنجامی باشی بەدەست نەهێنا، حیزبەکانی ناو لیستەکە ئامادە نەبوون درێژە بەوە بدەن کە لیستەکە بە یەك کوتلەیی بمێنێتەوە و ئارەزووی بەشداری لە حکومەتیان هەبوو، ئەمە بوویە هۆی ئەوەی کوتلەکە وەك خۆی نەمێنێتەوە، بەڵام یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ئەوەی پەیوەندی بەخۆیەوە هەبوو، بڕیاری یەکلاکەرەوەی دا، کە ئەگەر خۆی بەتەنهاش بێت، وەك ئۆپۆزسیۆن بمێنێتەوە.

**÷: ئێستا یەکگرتوو وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کارا لە گۆڕەپانەکەدا کار دەکات، تا ئێستاش باس لەوە دەکرێت هەوڵەکان بۆ یەکخستنەوەی یەکجاری وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە و دارایی دەدرێت، واتە روونە کە هێشتا بە یەکجاری یەکیاننەگرتۆتەوە، قسەی یەکگرتوو لەم حاڵەتەدا بۆ دەسەڵات چییە؟**

**د. هادی عەلی:** من وادەزانم ئەو دوو لایەنە سەرەکییەی کە ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستە، بەو حاڵەت و وەزعەی ئێستا تیایدان، ئیرادەیەکی راستەقینەیان نییە بۆ ئەوەی یەکبگرنەوە، چونکە هاوکێشەکە و هاوسەنگی نێوان دوو هێزەکە گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، لایەکیان لاواز بووە و لایەکیان وەك خۆیەتی، لەبەرئەوە زەمینە ساز نییە بۆ ئەوەی یەکگرتنەوەیەکی راستەقینە بە ویستی هەردوولا ئەنجام بدرێت، ئەو هەنگاوانەی ئێستا دەنرێن، زیاتر هەنگاوی رووکەش و رواڵەتین، حەقیقەتەکەی وا نییە و جۆرێکە لە خۆڵکردنە چاوی جەماوەر، بەتایبەت لەم کاتەدا کە کاتی ئامادەکارییەکانە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەتوانین بڵێین بەشێکە لە بانگەشەی هەڵبژاردن، تا وا لە جەماوەر تێبگەیەنن کە ئەوان هەنگاوی جددی دەنێن بەرەو یەکگرتنەوە، بەڵام وادەزانم زەمینەی یەکگرتنەوە ئێستا لە هەر کاتێکی تری دوو سێ ساڵی رابردوو لاوازترە.

**÷: ئەی کەواتە ئەمە مانای چییە، کە شەش ساڵە باس لەوە دەکرێت ئیدارە یەکی گرتۆتەوە، کەچی هێشتا پاش ئەو هەموو گۆڕانکارییانە هێشتا یەکگرتنەوەکە تەواو نەبووە؟ ئەمە جۆرێك لە خەڵەتاندنی جەماوەر نییە؟ جۆرێك نییە لە بەرژەوەندی حیزبی لەپێش بەرژەوەندی نەتەوەییەوە؟**

**د. هادی عەلی:** ئەوان لەلایەکەوە دەیانەوێت بەرژەوەندییە حیزبییەکان وەك خۆی بەردەوام بێت، لەلایەکی ترەوە دەیانەوێت جەماوەر چەواشە بکەن و هێوری بکەنەوە و سەری لێ بشێوێنن، هەروەها کەسبی کاتە، واتە کات بەڕێکردنە، بەڵکو گۆڕانکارییەك بێتە پێشەوە لە بەرژەوەندی لایەکیان بێت، یان دژی لایەکیان بێت.

**÷: ئەو بڕیارەی یەکگرتوو پاش (٧/٢٥) گرتیە بەر و ئۆپۆزسیۆنبوونی هەڵبژارد، وا دەردەکەوێت لە هەموو حاڵەتێکی تر زیاتر جەماوەری یەکگرتووی خۆشحاڵ کردووە، ئەگەرچی بڕیارەکانی تریشی قبوڵ کردووە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**د. هادی عەلی:** جەماوەری یەکگرتوو هەقی خۆیانە، چونکە سەرەتا سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینەی کارا، کە بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ واقیعەکەدا بکات، کەموکورتییەکی گەورەیە، پاشانیش بۆ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەم قۆناغەدا هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرا، کە مادەم لایەنێکی چاکساز و باوەڕی بە چاکسازی سیاسی هەیە و باوەڕی بەوە هەیە کە لە چوارچێوەی سیستەمەکانی دیموکراسیدا بەشداربێت لە پرۆسەی سیاسی و پرۆسەی چاکسازیدا، هەر ئەوەی لێ چاوەڕێ دەکرێت، کە رۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینێت، چونکە رۆڵی بەشداری لە حکومەت لە قۆناغەکانی رابردوودا ئەگەر پاساوی هەبووبێت، ئەو رۆڵەی بینی، بەڵام سیاسەتی دوو حیزبەکە بە شێوەیەکە کە مەجال نییە، بۆ هیچ جۆرە چاکسازییەکی راستەقینە لە کاتی بەشداربوون لە حکومەتدا، بۆیە سەرکردایەتی یەکگرتوو و جەماوەری یەکگرتوو جەماوەر بەگشتیش ئەوە لە یەکگرتوو چاوەڕێ دەکەن، تا چیتر نەبێتە بەشێك لەو دەسەڵاتە دواکەوتووە، بەڵکو لەناو پەرلەماندا رۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینێت و لەو چوارچێوەدا بتوانێت بەشدارییەکی کارا بکات لە پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستاندا.

**÷: لە ناوەندە رۆشنبیری و رۆژنامەنووسییەکەی هەرێمدا باس لەوە دەکرێت کە یەکگرتوو جەماوەرەکەی خۆی ئاشت کردۆتەوە، دەتوانین بڵێین هەڵوێست وەرگرتنی یەکگرتوو بە بڕیاری ئۆپۆزسیۆنبوون لەگەڵ کۆمەڵێك کاری تری ناوخۆی حیزب هۆکار بوون بۆ ئاشتبوونەوەی جەماوەرەکەی و بە گەرموگوڕی بەشداریکردن لە بانگەشەی هەڵبژاردنی (٣/٧)دا؟**

**د. هادی عەلی:** ئاساییە کاتێك بەشداری هەر پرۆسەیەکی سیاسی دەکەیت و ئەنجامەکانی چاوەڕواننەکراو دەبێت، بێگومان هۆکاری بابەتی و زاتی هەیە، سەرکردایەتی ئەو حیزبە و حیزبەکە بەگشتی هەقی خۆیەتی و ئەوەی لێ چاوەڕێ دەکرێت کە هەڵوەستەی لەسەر بکات و پێداچوونەوە بکات و هەوڵ بدات هۆکارەکانی پەیوەست بە حاڵەتەکە کە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە، راستی بکاتەوە، لەو رووەوە پاش دەرچوونی ئەنجامەکانی (٢٥)ی تەموز داچڵەکانێك و نیگەرانییەکی زۆر رووی کردە سەرکردایەتی و هەموو رێکخستنەکانی یەکگرتوو، چونکە زیانی گەورە و پشکی شێری زیانەکە بەر یەکگرتوو کەوت، بۆیە هەر ئەوەی لێ چاوەڕێ دەکرێت، حیزبێکی زیندوو بیەوێت چاکسازی بکات و رۆڵی کارای هەبێت لە گۆڕەپانەکەدا، دەبێت بوێرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا بکات و هەنگاو بۆ پێداچوونەوە و راستکردنەوەی خاڵە لاوازەکان و کەم و کورتییەکان بنێت، لەبەرئەوە یەکگرتوو دەست‌وبردی کرد لەو بوارەدا و لە زنجیرە هەڵوێست و هەنگاوێکی یەك لەدوایەکی لەم دوو سێ مانگەی رابردوودا، وەك بڕیاری بەشدارنەبوون لە حکومەت و هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنبوون، هەروەها بڕیاری ئەوەی کاندیدەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی نەبن، بەڵکو راستەوخۆ رێکخستنەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان دیارییان بکەن، لەگەڵ بەهێزکردنی گوتاری سیاسی و گوتاری راگەیاندن و، کوتلەی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان رۆڵی باشی هەبێت و، کوتلەی یەکگرتوو لە بەغداش لە چەند ساڵی رابردوودا رۆڵی کاراتری هەبێت و هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی باشتری هەبێت، وەك لەم چەند مانگەی رابردوودا کەوتە بەرچاو. هەموو ئەوانە کۆمەڵە هەنگاوێکی پێویست بوون کە چاوەڕێ دەکرا یەکگرتوو بیگرێتەبەر. ئێستاش کە یەکگرتوو لە حاڵەتی ئامادەباشیدایە بۆ هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، هاوکات ساڵیادی تێپەڕبوونی شانزە ساڵ بەسەر راگەیاندنیدا و حەڤدەهەمین مۆمی تەمەنی دادەگیرسێنێت، لە هەر کاتێکی تر لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە حاڵەتێکی تەندروست و سروشتیتردایە و تەواوی ئامادەکاری باشی هەیە، ئومێد دەکەین لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بتوانێت رۆڵێکی کارای هەبێت و ئەنجامی باش بەدەستبهێنێت.

**÷: واتە چاوەڕێ دەکرێت رێکخستنەکانی یەکگرتوو گەرمتر لە جاران بەدەم پێداویستییەکانی حیزبەکەیەوە بێ و دڵسۆزانەتر هەنگاوی پێویست بنێت؟**

**د. هادی عەلی:** بەڵێ، ئومێد دەکەین و زۆریش متمانەمان بە خۆمان و رێکخستنەکانی خۆمان و جەماوەریش بەگشتی هەیە، کە گەرموگوڕ دەبن و، بەشدارییەکی باش دەکەن لە ئەنجامدانی پلانی هەڵبژاردنەکاندا و چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان و، متمانەیەکی باشیش بۆ کاندیدەکانی یەکگرتوو بەدەستبێت.

**÷: لەم کاتەدا دەتوانین بڵێین چەند شتێك پێکەوە گرێ دراون، هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنبوون، یادی (١٦) ساڵەی ئیعلانکردنی یەکگرتوو، سێیەمیش سەروبەندی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، یەکگرتوو چ پەیامێکی هەیە بۆ دەسەڵات لەم کاتەدا؟**

**د. هادی عەلی:** لەم کاتەدا ئێمە ئەوە لەلایەنە دەسەڵاتدارەکان بە پلەی یەکەم پاشانیش لە هەموو لایەك چاوەڕێی دەکەین کە بە هەموومانەوە هەوڵ بدەین، ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنەی لەپێشمانە، بەشێوەیەکی پاك و بێگەرد و دوور لە هەر پێشێلکاری و تەزویرێك و توندوتیژی و پەنابردن بۆ کاری نادروست و نایاسای ئەنجام بدرێت، سروشتی هەڵبژاردنەکە وایە کە کورسیەکانی هەرێمی کوردستان دیاریکراون، خەڵك کەم بچێت یان زۆر بۆ دەنگدان، هەولێر هەر (١٤) کورسییە، سلێمانی هەر (١٧) کورسییە، بۆیە پێویست بەوە دەکات کە ململانێکە دیموکراتیانە و رێکوپێك لە چوار چێوەی رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵادا ئەنجام بدرێت، لە هەموو حاڵەتەکاندا هەر لایەنێك کورسییەك، یان کەم، یان زیاد دەکات، بەڵام بەشی گەلی کورد وەك خۆیەتی، بۆیە گرنگ ئەوەیە پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی و بە هێمنی بەڕێوە بڕێت، تا نمونەیەکی جوان پێشکەش بە بەشەکانی تری عێراق و دەرەوەش بکەین، چونکە بە بەرچاوی هەموو دونیاوەیە، لایەنە دەسەڵاتدارەکان بەسیەتی پەنابردن بۆ تەزویر و پێشلکاری و پەنابردن بۆ بەکارهێنانی سەروەت و سامان و هەموو ئیمکاناتێکی ئیداری و دەسەڵات، کە لەبەردەستیاندایە، بەشێوەی دروست و نادروست بەکاربهێنن، چونکە لە بەغدا هەمووومان پێکەوەین و دەبێت لەخەمی کێشەکان و مافەکانی گەلەکەماندا بین، دوو لایەنەکەی دەسەڵات کە لێرە هەموو شتێکیان لەدەستدایە، ناکرێت لە بەغدا چاوەڕێی هاوهەڵوێستی و یەك هەڵوێستی لە غەیری خۆیان بکەن، بەڵام لێرە وەکو ناحەز و دوژمن مامەڵە لەگەڵ لایەنەکاندا بکەن.

**÷: لەم حاڵەتەدا کە کێبڕکێیەکی بەهێز لەنێوان لایەنەکاندایە، لەناو کاندیدەکانی هەر لیستێکیشدا کێبڕکێ هەیە، بەتایبەت دەسەڵات، پێشبینی دەکەیت لەم حاڵەتەشدا تەزویر و پێشلکاری دروست بێت لەلایەن دەسەڵاتەوە؟**

**د. هادی عەلی:** کێبڕکێکە ئاساییو دروستە و تا سنورێك پێویستیشە، بەڵام ئومێد دەکەین کە پەنا نەبەن، نە بۆ توندوتیژی، نە بۆ کاری نایاسایی و نادیموکراتی، بەڵام زەمانەتیش نییە.

**÷: ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی (٣/٧) هەرچۆن بێت، یەکگرتوو بڕیاری گرتووە کە چۆن مامەڵە بکات، وەك هەرێم لە بەغداش دەبێتە ئۆپۆزسیۆن، یان بەشداری حکومەت بکات؟**

**د. هادی عەلی:** رەنکە هێشتا زوو بێت وەڵامی ئەوە بدرێتەوە، دەبێت ئەنجامی هەڵبژاردنەکان روون بێتەوە، پاشان بزانین چۆن دەبێت، گرنگ ئەوەیە کە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە بەغدا هەوڵ دەدەین نوێنەرایەتییەکی راستەقینەی گەلەکەمان بکەین و هەوڵ دەدەین ئەو مافە دەستورییانەی کە هەیە، بە تەواوەتی بچەسپێت، کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە رێگای دانوستان و گفتوگۆ لە بەرژەوەندی هەرێمەکەمان و گەلەکەمان چارەسەر بکرێت، ئەو هەوڵانەش کە لەلایەن شوڤێنییەکان و لایەنەکانی تری عێراقەوە دەدرێن، کە فیدراڵیەتەکەی هەرێمی کوردستان، یان دەسەڵاتەکانی، کەم بکەنەوە و رێگەی لێ بگرن و پووچەڵ بکرێنەوە، ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، دیموکراتیەت و پرنسیپەکانی دیموکراسی لە عێراقدا بەتەواوەتی جێگیر ببێت، بەڵام وردەکاری تری مامەڵەمان لەگەڵ لایەنەکانی تر حکومەت، لە کاتی خۆیدا کە ئەنجامەکان روون بوونەوە، باسی لێ دەکەین.